کاریگەریی ئـاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی

د.ئومێد بەرزان برزو
زانکۆی گەرمیان ـ فاکەڵتی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی

پێشەکی:

کۆمەڵ سەرچاوەی لەدایکبون‌و گەشەکردن‌و پەرەسەندنی سەرجەم دیاردەکانە، زمان‌و ئاینیش دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین، کە لەناو کۆمەڵەوە سەرچاوەدەگرن‌و گەشەدەکەن. زمان خاڵێکی سەرەکییە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی‌و کۆکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ، هەروەها ئاینیش کاریگەریی لەسەر زمان هەیەو بەهۆیەوە کۆمەڵێك وشەو دەربڕین دێنە نێو زمانەکەوە، بەمەبەستی گەیاندنی چەمکە فەلسەفییەکانی‌و جێگیرکردنی لەناخ‌و بیری کۆمەڵدا. لەهەمان کاتیشدا پارێزگاریی لەمانەوەی زمان دەکات، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (**کاریگەریی ئـاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی**) تەرخانکراوە، چونکە قورئانی پیرۆزو ئاینی ئیسلام بونەتە بەشێکی گرنگ لەژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەمەش کاریگەریی زۆرتری لەکتێبە ئاسمانییەکانی تر هەیەو لەنێو بەرهەمی نوسەران‌و شاعیران‌و زمانەوانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت کاریگەریی لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتیی تاکی کورددا کردوە.

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، کە لقێکی زانستی زمانەو تیایدا ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە پەیڕەوکراوە.

گرنگی توێژینەکەش لەوەدایە، کە کۆمەڵێك ئەنجامی لەبارەی پەیوەندیی‌و کاریگەریی نێوان زمان‌و ئاین، هەروەها کاریگەریی ئاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردیی‌و لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا خستوەتەڕو.

توێژینەوەکە لەپێنج تەوەر پێکهاتوە:

تەوەری یەکەم‌و دووەم باس لەچەمك‌و پێناسەی زمان‌و ئاین بەگشتی‌و پەیوەندیی نێوانیان دەکات. تەوەری سێیەم‌و چوارەمیش بۆ کاریگەریی ئاینی ئیسلام لەسەر ئاستەکانی زمانی کوردیی‌و هۆکارەکانی تەرخانکراوە. هەروەها لەتەوەری پێنجەمدا لەکاریگەریی ئاینی ئیسلام لەدەربڕینی بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆڵراوەتەوە.

لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجام‌و لیستی سەرچاوەکان‌و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردو زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی خراونەتەڕو.

تەوەری یەکەم/چەمك‌و پێناسەی زمان‌و ئاین:

زمان گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤە[١]. چونکە بنەمایەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵەو هۆکارێکە بۆ لەیەکگەیشتنی مرۆڤەکان‌و خاڵی سەرەکی جیاکەرەوەی مرۆڤ و گیانلەبەرانی ترە. تەنانەت مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە بەهۆی فێربونی زمانەوە، ناسنامەی خۆی چ وەك تاك، چ وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەدۆزێتەوە. بۆیە زمانەکانی جیهان پەیوەندییان بەکۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان‌و نیشتەجێبونیان لەسەر ڕوی زەوی بەپێی هەمەچەشنی جوگرافی‌و ناوچەییەوە هەیەو جیاوازی هەمو زمانێك لەزمانێکی تر بەهۆی جیاوازی ڕەگەزو پەیوەستبونی قسەپێکەرانییەوەیەتی[٢]. ئەگەر بمانەوێت لەچەمك‌و پێناسەی زمان بدوێین[٣]، ئەوا کارێکی ئاسان نییە، چونکە زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزەو لەزۆر بواری زانستیی جۆربەجۆرەوە سەیری کراوە. دەتوانرێت بەکورتی بوترێت: زمان لەدایکبوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەو ئامرازێکە کە مرۆڤ بۆ لەیەکگەیشتن‌و پەیوەندیکردن بەکاریدەهێنێت.

هەروەها ئاینیش پەیوەندیی بەکۆمەڵەوە هەیەو لەناو کۆمەڵەوە گەشەدەکات‌و پەرەدەسێنێت، چەندین پێناسە بۆ وشەو چەمکی ئاین کراوە، لەوانە:

١- وشەی ئاین لە قورئانی پیرۆزدا بەسێ واتا بەکارهێنراوە: ا- سزاو پاداشت. ب- گەردنکەچیی. ج- بەرنامەی ژیان[٤].

٢- (مجدالدين محمد بن يعقوب الفيروز ابادى) دەڵێت: ئاین واتا سزاو پاداشت، ئیسلامەتی، پەرستن، حوکمکردن، ڕێوشوێن دانان، تاکپەرستی، لێپێچینەوە، زاڵبون، دەسەڵاتداری، گوێڕایەڵیو ملکەچی، هەروەها ناوە بۆ هەمو ئەو شتانەی کە خوای دەسەڵاتدارو پایەبەرزیان پێدەپەرسترێ[٥].

٣- (أبى القاسم الحسين بن محمد) دەڵێت: ئاین بەملکەچیو سزاو پاداشت دەوترێتو بۆ بەرنامەی خوا خوازراوە[٦].

٤- (لويس معلوف) دەڵێت: ئاین واتە ملکەچیو سەرپێچی، هەروەها ناوە بۆ هەمو ئەو شتانەی کە خوایان پێ دەپەرسترێ[٧].

٥- (کۆزمانەوانە عەرەبەکان) دەڵێن: ئاین بریتییە لەگوێڕایەڵێکردنی کەسێك بۆ مەنهەجو پەیامو مەبدەئێك، کە ئەو کەسە بڕوای پێی هەبێت[٨].

لەکۆی ئەم پێناسانەدا، دەتوانین بڵێین کە ئاین بریتییە لەباوەڕبونو گوێڕایەڵێکردنی زاتێك، کە دەیپەرستی.

تەوەری دووەم/ پەیوەندیی زمانو ئاین:

مرۆڤ لەدێر زەمانەوە زمانی وەکو دیاردەیەکی زیندو لەپرۆسەی ئاخاوتنو پەیوەندیکردندا بەکارهێناوە، لێکۆڵینەوە لەزیندوێتی زمان دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە هەمو زانستەکان وەك بنەمایەك پشتی پێدەبەستن بۆ دەربڕینی چەمکی زانستەکان لەشێوەی وشەو زاراوەدا، بۆ نمونە هەر زانستێك بگرین وەك ماتماتیك، دەرونناسی، فیزیا،.....هتد لەڕێی ئەو وشەو زاراوانەوە تیۆرىو ڕاستییەکان دەردەبڕێت.

لەهەمان کاتیشدا ئاین ڕۆڵێکی کارا لەژیانی کۆمەڵگادا دەگێرێت، بەوەی دەتوانێت تاکەکانی کۆمەڵگە زمان جیاوازەکان لەژێر چەتری بیروباوەڕی خۆیدا کۆبکاتەوەو وابکات، کە نەوە لەپاش نەوە شوێنکەوتووانو پەیڕەوکەرانی پەرە بەم ئاینە بدەن. بۆیە ئاین هۆکارێکی گرنگی پژانو نەشونماو گەشەو مانەوەی مرۆڤو زمانەکەیەتی[٩].

بۆ دەربڕینی چەمکی ئاین سودێکی گەورە لەزمان بینراوە، بەڵکو هەر بەهۆی زمانەوە دەگاتە ناو کۆمەڵو ئاشنایی لایەنە فەلسەفییەکانی دەبین. بەهەمان شێوەش ئاینەکان چ ئەوانەی ئاسمانیین یان مرۆڤکردەن کاریگەریی زۆریان لەسەر زمان هەبووە[١٠]. بۆیە زمان سودێکی گەورەی لەچەمكو زاراوە فەلسەفییە ئاینییەکان بینیوە بۆ دەوڵەمەندکردنو فراوانکردنی فەرهەنگی زمان. بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت ((وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً))[١١]. واتە" ئێمە قورئانمان بەزمانی عەرەبی دابەزاند". لەم بارەیەوە (کریستۆف لۆکسنبرگ)[١٢] کە ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییە، لەبارەی دابەزینی قورئانی پیرۆز بەزمانی عەرەبی دەڵێت: "ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان بەزمانی قورەیش دابەزیوەو تاکە سەرچاوەی کۆنە، کە بەدەستمانەوە هەبێتو تاکە بەڵگەیە لەسەر زمانی عەرەبی". لەم سەرچاوەیەوە ئاینی ئیسلام سودی لەزمانی عەرەبی بینیوە بۆ دەربڕینی چەمكو بیروڕاکانی، لەهەمان کاتدا زمانی عەرەبیش چوار سودی سەرەکی لەئاین وەرگرتوە، کە ئەمانەن:

١- دەوڵەمەندکردنو فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی عەرەبی.

٢- ئاینی ئیسلام بو بەفاکتەرێکی گەورەو ڕۆڵی بینی لەدروستبونی زمانێکی ستاندەری عەرەبی.

٣- عەرەبەکان بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە توانیان هەمو تیرەو هۆزەکانی عەرەب لەنێو دورگەی عەرەبدا کۆبکەنەوەو ڕێکیانبخەن، پاشان لەژێر ئاڵای ئاینی ئیسلامدا دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئیسلامی دابمەزرێننو بەرە بەرە سنوری دەوڵەتەکەیان لەسەر حسابی گەلانی ناوچەکە فراوانبکەنو بەشێکی ئەم سەر زەوییە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

٤- دروستبونی زانستی ڕستەسازیو دەنگسازیو لایەنی ڕەوانبێژی، کە پێش قورئان لەناو عەرەبەکاندا بونیان نەبووە[١٣].

هەر لەکۆنەوە تائەمڕۆش بەشێوەیەکی ڕونو ئاشکرا زمانی ئاینیو زمانی نەتەوەیی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر یەکتری کردوە، هەروەها کاریگەریشیان لەپێشکەوتن یان دواکەوتنی نەتەوەکانیش کردوە. ئەو کارتێکردنە یا بەشێوەیەکی باش، یا بەشێوەیەکی خراپ بووە. یەکێکیان زیانی بەوی تریان گەیاندوەو ڕێگەی گەشەسەندنی لێگرتوەو دوای خستوە یان بەپێچەوانەوە.

پێش ئەوەی ئاینە ئاسمانییەکان بلاّوببنەوە، واتە پێش ئەوەی پەرتوکە پیرۆزە ئاینییەکان بەیەکێ لەزمانە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەمانە بنوسرێنەوە، ئەو ئاینانەی کە دروستکراون، زمانی ئاینی کاریگەرییەکی زۆری لەزمانە نەتەوەییەکان نەکردوەو مەترسییەکی ئەوتۆیان لەسەر نەبووە، چونکە لەو سەردەمانەدا نەتەوە جیاجیاکانی سەر ڕوی زەوی هەریەکەیان ئاینێکی تایبەتییان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، جا باوەڕیان بەهەر شتێ بوبێ، یان هەر جۆرە بتێکیان داتاشیبێ‌و پەرستبێ، تەنها بەو زمانانە ناویان لێناون‌و لێیان پاڕاونەتەوە، کە خۆیان قسەیان پێکردوە، لەبەرئەوە زمانی نەتەوەیی‌و زمانی ئاینییان هەر یەك زمان بووە، زمانە ئاینییەکەیان هیچ جۆرە مەترسییەکی لەسەر زمانە نەتەوەییەکەیان دروستنەکردوە. بەڵام بەهاتنە خوارەوەی ئاینە ئاسمانییەکان، زمانی ئاینی کاریگەرییەکی زۆری لەزمانی نەتەوەکان کردوە، لەکاتێکدا نەتەوەی خاوەن ئاین چەند وڵاتێکیان داگیرکردوە، بەمەش ئاینەکەیان بەسەر دانیشتوانی ئەو وڵاتانەدا سەپاندوەو هەمیشە هەوڵیانداوە لەڕێی زمانی ئاینەوە زمانی نەتەوەییەکەیان بەسەر ئەو نەتەوەدا بسەپێنن.

ئەگەر لەحاڵەتێکدا نەیانتوانیبێ زمانە نەتەوەییەکانیان بەتەواوەتی لەناوبەرن، ئەوا بەهەمو توانایەکیانەوە هەوڵیانداوە، کە زمانی نەتەوە بندەستەکان بەزمانێکی خراپ‌و دواکەوتو بناسێن‌و بەتەواوەتی کزو لاوازی بکەن‌و لەپەلوپۆی بخەن.

بۆ نمونە هەندێ لەنەتەوەکان زمانی ئاینی‌و زمانی نەتەوەییان هەر یەك زمان بووە، ئەم نەتەوانە توشی گرفتێکی ئەوتۆی نەتەوەیی‌و زمانەوانی نەبونە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زمانە ئاینییەکە ڕاژەی زمانە نەتەوەییەکەی کردوە، وەکو عەرەبەکان هەردو زمانەکەیان یەکبووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام ڕاژەیەکی زۆر گەورەی زمانی عەرەبی کردوە، کە لەناوچون‌و لاوازیی پاراستیوەیەتی‌و پەرەی پێداوە، لەهەمان کاتیشدا بەتەواوی بەهەمو جیهانی عەرەب‌و وڵاتی موسڵماناندا بلاّویکردوەتەوە.

بەڵام هەندێ نەتەوەی دیکە هەردو زمانەکەیان جیاوازبووە، زمانی نەتەوەییان هەبووە، بەڵام زمانی ئاینییان لەنەتەوەیەکی ترەوە وەرگرتوە، زمانی ئەم نەتەوەیە خۆی لەبەردەم مەترسیی زمانە ئاینییەکەدا بینیوەتەوە، زمانە ئاینییەکە هەمیشە هەوڵیداوە، جێ بەزمانە نەتەوەییەکە لەقبکات‌و بەسەریدا زاڵببێت‌و لەناوییبەرێت، چونکە ئەم نەتەوانە ڕوبەڕوی چەڵەمەیەکی زمانەوانیی گەورە بونەتەوە، هەرچەندە هەوڵیانداوە، خۆیان لەزمانە ئاینییەکە بپارێزن، وەکو کارتێکردنی زمانی عەرەبی لەسەر زمانەکانی تورکی‌و فارسی‌و کوردی‌و ....تاد.

تەوەری سێیەم/ کاریگەریی ئاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی:

پاش ئەوەی نەتەوەی کورد لەسەدەی حەوتەمی زاینیدا بووە بەموسوڵمان، زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانی پیرۆزیشە کاریگەریی زۆری لەسەر زمانەکەمان هەبووە، لەوانە:

ا- دەنگسازی:

زانستی فۆنۆلۆجی یەکێکە لەئاستەکانی زمان، هەر زمانێك سیستەمی فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە، دەستنیشانکردنی کەرەستەکانی ئەم ئاستەش پشت بەفۆنیم دەبەستێت، چونکە فۆنیم بچوکترین دانەی زمانەو بەگۆڕینی هەمان فۆنیم لەجوتە وشەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان. هەر زمانێکیش بەپێی بەراوردکردنی وشەکانی دەستەیەك فۆنیم هەڵدەبژێرێت‌و دەبنە کەرەستەی فۆنۆلۆجیی زمانەکە.

ئاماژە بەوە درا، کە قورئانی پیرۆز بەزمانی عەرەبی بۆ نەتەوەی عەرەب دابەزی‌و یەکێك لەسودەکانی، دروستبونی زانستی دەنگسازیی زمانی عەرەبییە، بۆیە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبی لەقورئانەوە سەرچاوەی گرتوە.

فۆنیمەکان لەفۆنۆلۆجیی زمانی کوردی‌و عەرەبیدا بەم شێوەیە دەستنیشانکراون[١٤]:

	فۆنیمه نەبزوێنەكان	فۆنیمه بزوێنەكان	نیمچه بزوێن
زمانی عەرەبی	/ء , ب , ت , ث ، ج ، ح ، خ ، د ، ذ ، ر ، ز ، س ، ش ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ع ، غ ، ف ، ق ، ك ، ل ، م ، ن ، هـ ، و ، ي/	/و ، ا ، ي ، الضمة ، الفتحة ، الكسرة/	/و ، ی/
زمانی كوردی	/ئـــ ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، ه ، و ، ی/	/و ، وو ، ۆ ، ی ، ێ ، ا ، ە ، i/	/و ، ی/

بەبەراوردكردنی فۆنیمەكانی هەردو زمانەكە خاڵی هاوبەش‌و جیاوازی بەرچاودەكەون، كە ئەمانەن:

١- فۆنیمه نەبزوێنەكان: هەردو زمانەكە لەبیست فۆنیمی نەبزوێندا هاوبەشن، وەك /ئـ ، ب ، ت ، ج ، ح ، خ ، د ، ر ، ز ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ق ، ك ، ل ، م ، ن ، ه/، بەڵام فۆنیمەكانی /ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ/ تایبەتن بەزمانی عەرەبی‌و فۆنیمەكانی /پ ، چ ، ڕ ، ژ ، ڤ ، گ ، ڵ/ تایبەتن بەزمانی كوردی.

٢- فۆنیمه بزوێنەكان: لەزمانی عەرەبیدا فۆنیمەكانی /و ، ا ، ي/ درێژن‌و /الضمة ، الفتحة ، الكسرة/ كورتن، بەڵام لەزمانی كوردیدا فۆنیمەكانی /ا ، وو ، ۆ ، ێ/ درێژن‌و /ی ، و ، ە ، i/ كورتن، دەبینین فۆنیمەكانی /ا ، ی ، و/ لەهەردو زمانەكەدا هاوبەشن، بەڵام فۆنیمەكانی /الضمة ، الفتحة ، الكسرة/ تایبەتن بەزمانی عەرەبی‌و فۆنیمەكانی /و ، ۆ ، ێ ، ە ، i/ تایبەتن بەزمانی كوردی.

٣- فۆنیمه نیمچەبزوێنەكان: لەهەردو زمانەكەدا فۆنیمەكانی /و ، ی/ هاوبەشن.

كاریگەرییەكان:

١- فۆنیمەكانی /ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ/ لەزمانی كوردیدا نین، كەچی ژمارەیەكی زۆر لەو وشانەی كە ئەم فۆنیمانەی تێدایە، لەزمانی عەرەبییەوە هاتوەنەتە نێو فەرهەنگی زمانی كوردییەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابونی ئیسلام‌و دراوسێتی‌و تێكەڵاوی كورد لەگەڵ عەرەبدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەچەندین ڕێگا دەستكاری ئەو وشانە كراوە، بەتایبەتی لەڕوی گۆكردنەوە (تلفظ)ەوە، بەتایبەتی وشەو زاراوە ئاینییەكان كە كورد وەریگرتون، خستونیەتە ژێر باری یاسای دەنگسازیی زمانی كوردی‌و خۆماڵی كردون، بۆ نمونە ئەگەر لەوشەیەكدا دەنگێك هەبوبێ، كە لەگەڵ یاسای فۆنەتیكی كوردیدا ڕێكنەكەوتبێ، ئەوا گۆڕانكاری بەسەردا هێنراوە، وەكو دەنگەكانی /**ث ، ص**/ ، /**ض ، ظ ، ذ**/ ، /**ط**/ كە لەزۆرێك لەوشە عەرەبییەكاندا هەن، لەكوردیدا كراون بە /**س**/،/**ز**/،/**ت**/و بونەتە ئەلەفۆنی ئەم فۆنیمانە، بۆ نمونە:

(ثروة : سەروەت)، (عصر : عەسر)، (صفة : سیفەت)، (الصَفَا والمَروَة: سەفاو مەروا)، (قرض : قەرز)، (فرض : فەرز)، (الارض : عەرز/ئەرز)، (ظلم : زوڵم)، (ذكر : ذیكر)، (العذاب : عەزاب)، (الشیطان : شەیتان)، ....تاد.

بێشك ئەم دیاردەیە بەپێچەوانەیشەوە ڕویداوە، كە لەزمانی كوردییەوە چەندین وشە چووەتە نێو زمانی عەرەبییەوە، وەك وشەكانی (گوێز : جوز)، (گێزەر : جزر)و ....تاد.

٢- فۆنیمەكانی /الضمة ، الفتحة ، الكسرة/ كە تایبەتن بەزمانی عەرەبی‌و بەفۆنیمه ناڕێزبووەكان ناودەبرێن، ئەمانە لەزمانی كوردیدا نین، كەچی ژمارەیەكی زۆر وشەی ئاینی كە ئەم فۆنیمانەی تێدایە، هاتونەتە نێو زمانی كوردییەوە، ئەمەش وای كردوە. كە بەرامبەر بەمانە هێمایان بۆ دابنرێت‌و لە شێوەی (پیت)دا بنوسرێن، وەك /و/ بەرامبەر /الضمة/و /ە/ بەرامبەر /الفتحة/و /ی/ بەرامبەر /الكسرة/[١٥]. بۆ نمونە:

سُنَة : سونەت

رَحمَة : ڕەحمەت

الفِتنه : فیتنه ....تاد.

ب- فەرهەنگسازی:

١- لەژێر کاریگەریی قورئانی پیرۆزدا، چەندەها وشەی قورئانی هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوەو زمانی کوردییان لەبواری ئاینیدا دەوڵەمەندکردوە، لەدیدی زمانناسانەوە هەر وشەیەك لەزمانێکی بیانییەوە بێتە ناو زمانێکی ترو فۆنەتیکی ئەو زمانە وەربگرێت، ئەوا دەبێت بەبەشێك لەو زمانە(١٦). بۆ نمونە:

(القيامة: قیامەت)، (فتوى : فەتوا)، (كتاب : کتێب)، (نكاح : نیکاح)، (شَهيد: شەهید)، (رزق: رۆزی)، (السَجْدَة: سوجدە)، (العَرفة: عەرەفە)، (عرش : عەرش)، (عقيدة : عەقیدە)، (الوقت: وەخت)، ....تاد.

٢- هەر کاریگەریی ئاینی ئیسلام وای لەزانایانو نوسەرانی کورد کردوە، کە هەوڵبدەن وشەی خۆماڵی کوردی بەرامبەر بەوشە ئاینییەکان بدۆزنەوەو فەرهەنگێك بۆ وشە ئاینییەکان بەزمانی کوردی دابنێن، بەمەبەستی زیاتر لەناوەڕۆکی ئاینەکە تێبگەن. چونکە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، نەك هەر بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بەوشەی ئاینی، بەڵکو بۆ زیاتر تێگەیشتن لەقورئان، بەجۆرێك وەرگێڕانی ئەم دەقە بەزمانی کوردی گۆڕانێك لەبونیادی خوێندەواری کورد دروستدەکات، بەمەش خوێندەواری کورد نەك هەر پەیڤی کوردی لەلا زێدە دەبێ، بەڵکو ئاسۆی بیریشی فراوانتر دەبێت، بەوەی هەر خۆی دەتوانێ تاڕادەیەکی زۆر لەم دەقانە تێبگات(١٧). بۆ نمونە:

الجنة: جەنەت = بەهەشت

جهنم: جەهەنەم = دۆزەخ

اليتيم : یەتیم = بێباوك

الفقر : فەقیر = هەژار

الملائكة : مەلائیکە = فریشتە ....تاد

٣- وشەو دەستەواژە ئاینییەکان کە هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە، کاریگەریی خۆیان نواندوەو لەبۆنە ئاینییەکانو کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنراون، ئەم وشەو دەستەواژانەش لەزمانی کوردیدا یان وەك خۆیان ماونەتەوەو خراونەتە ژێر باری یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە، واتە بەپێی ڕێنوسی زمانی کوردی نوسراونەتەوە، بۆ نمونە:

(الزكاة : زەکات)، (الحج : حەج)، (العمرة : عەمرە)، (الجنة : جەنەت)، (جهنم : جەهەنەم)، (الغيبة : غەیبەت)، (الجمع والقصر : جەمعو قەسر)، (الفتنة : فیتنە)، ....تاد.

یان هەندێ وشەو دەستەواژە هەن، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردیو بۆ هەمان واتا بەکارهێنراون، بۆ نمونە:

رضي الله عنه............. خوای لێ ڕازی بێت

صلى الله عليه وسلم............. درودی خوای لەسەر بێت

بسم الله الرحمن الرحيم............ بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

٤- ئەگەر تەماشای فەرهەنگی ناوی تایبەتی مرۆڤی کۆمەڵگای کوردی بکەین، هەر لەکۆنەوە تا ئێستاش بەردەوامە، کە ژمارەیەکی بێپایان لەناوە ئاینییەکانو بەتایبەتی ناوەکانی خودای گەورەو پێغەمبەرانو ئەسحابەکانو شوێنکەوتووەکانیان لەپرۆسەی ناولێناندا بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ بەرزڕاگرتنی پیرۆزی ئەو ناوانە دەگەڕێتەوە، وەك (محمد، احمد، محمود، ابراهيم، يوسف، ميكايل، اسماعيل، جبرايل، عبدالرحمن، عبدالله، عبدالخالق، صادق، عبدالستار، ....تاد).

٥- تەنانەت ئاینی ئیسلام کاریگەریی لەسەر فەرهەنگی ئەدەبو شیعری شاعیرانی کوردی کردوە، چونکە لەلایەکەوە شاعیرانو مەلاکانو نوسەرانو ڕۆشنبیرانی پێشو لەحوجرەی مزگەوتەکاندا خوێندویانەو بابەتە ئاینییەکانی وەکو (فیقەو عەقیدەو ئوصول....تاد)یان بەزمانی عەرەبی خوێندوە، لەلایەکی تریشەوە شیعری کلاسیکی کوردی لەژێر کاریگەریی شیعری فارسیو عەرەبیدا بووە، کە ئاینی ئیسلام سەرچاوەی ئەوانیش بووە. بێگومان ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەکارهێنانی وشە ئاینییەکان

لەفەرهەنگو زمانی ڕۆژانەیاندا هەبووە، بەتایبەتی شاعیرانی کلاسیك، لەوانەش (خانیو جەزیریو نالیو سالمو کوردیو مەحویو حەمدیو ....تاد)، لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی کورت بۆ دو شاعیری وەك (نالی)و (مەحوی) دەکەین.

نالی شاعیرێکی قوتابخانەی کلاسیکییەو شیعرێکی زۆری لەبواری خوداپەرستیو ئاینیدا نوسیوە، یەکێك لەوانە کە بۆ (مەککەو مەدینە)ی نوسیوە، ئەمەی خوارەوەیە[١٨]:

بەقییەی عومری ضایع گەر موورادت پێ تەدارەك بێ

حەیاتی مەککەت و مەوتی مەدینەت جەبری نوقصانە

چ مەککە؟ دارو بەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە

چ طەیبە؟ ماء و خاکی مائیدەی ئەنواری ئیمانە

*** *** ***

فەضا بەحری موحیط و وشتری تێدا سەفینەی بەر

سەرابی میثلی نیل و دیجلە و جەیحون و عوممانە

لەصەد جێ کلکی ئوشتر گەبیە ئەرضی مەهلەکە، هێشتا

یەمی فەججی عەمیقی ئالی هەر بێ قەعرو پایانە

لەنێو ڕێگەی ڕەوانی قوم نوقوم بۆ وشترو بۆ گوم

نەما گوێی بیستنی (قم قم) چ جای ئیمکانی هەستانە

هەروەها مەحوی بەیەکێك لەشاعیرە هەرە بەرزەکانی شیعری ئاینی دادەنرێت، زۆربەی وشە ئاینیو عەرەبییەکانی تێکەڵ بەشیعرەکەی کردوە، یەکێ لەو شیعرانە، ئەمەی خوارەوەیە[١٩]:

مەسئولە ئیعانە لە وەههابی موستەعان

هەر لەو دەکەم سوئالو، دەکەم حەمدی ئەو بەجان

تەوفیقی لێ طەلە بمە بکەم خدمەتێ بەدین

مەئمولە خولاصەی (أمالی) بکەم بەیان

*** *** ***

ئەمما لەبەعدی حەمدو صەلات، ئیکە نەوبەتی

مەطلەب ئیفادەکردنە بۆ جەمعی طالیبان

واجب لەسەر جەمیعی موسوڵمان و موئمینە

باوەڕ بکەن بەدڵ، چ خواص و چ عامییان

ذاتی خودا کە خالیقی ئەکوانە، هەر بوە

یەعنی قەدیمی موطڵەقە (بالذات) و (بالزمان)

دەبینین هەردو شاعیر (نالی)و (مەحوی)و چەندین شاعیری وەکو ئەوانیش، بەو شێوە زمانە شیعریان نوسیوەو ژمارەیەکی زۆر وشەی ئایینی خوازراویان هێناوەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، وەکو (**بەقییە، ضایع، مەوت، حەیات، مەوت، ئیسلام، نوقصان، طەیب، ئیمان، فەضا، موحیط، ئەرض، میثل، عەمیق، مەئمولە، ئیعانە، موستەعان، حەمد، صەلات، مەطلەب، جەمع، جەمیع، موئمین، خالیق، ذات، عامییان، موطڵەق، ....تاد**).

پ- وشەسازی:

١- **ناوی تاك و كۆ:** مۆرفیمی /ان/ مۆرفیمی سەرەکی کۆکردنەوەی ناوە لەزمانی کوردیدا، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیمی /ات/و ئەلۆمۆرفەکانی لەکۆکردنەوەی چەند ناوێکدا بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی دەردەکەوێت، بۆ نمونە (دێهات، میوەجات، سەوزەوات،

میوەهات، ...تاد). شایانی باسە ئەم مۆرفیمە لەزمانی عەرەبیدا یەکێکە لەمۆرفیمە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی ناوی مێ، وەك (طيبات، الصالِحات، المؤمِنات، السَيئات، المسلِمات،...تاد). بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت ((**یَأَیُّهَا الَّذِینَ إمَنُواْ کُلُواْ مِن طِیّبَاتِ مَا رَزَقْنَاکُم**))[٢٠]. یان دەفەرموێت ((**أفَأمِنَ الذِینَ مَکروُا السَیئاتِ**))[٢١].

٣- **ڕۆنانی وشەی نوێ**: سەرەڕای ئەوەی وشە ئاینییەکان دێنە ناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە، هەروەها لەڕۆنان‌و داڕشتنی وشەی نوێدا سودیان لێوەردەگرین، بۆ نمونە:

شەیتان + ی = شەیتانی

ڕەحمان + ی = ڕەحمانی

عاشق + بەند = عاشقبەند

قەبر + ستان = قەبرستان

کتێب + خانە = کتێبخانە

بە + لەزەت = بەلەزەت

ئیمان + دار = ئیماندار

ئیمان + هێنان = ئیمان هێنان

حەج + کردن = حەجکردن

زەکات + دان = زەکاتدان

ئاخر + زمان = ئاخر زمان

ئاخر + شەڕ = ئاخر شەڕ

ئاخر + جار = ئاخر جار

سوجدە + بردن = سوجدە بردن

دوعا + کردن = دوعاکردن

عەمرە + کردن = عەمرەکردن .....تاد

ت- ڕستەسازی:

١- **ڕستەی ناوی**: زمانی عەرەبی سەر بەخێزانی زمانە سامییەکانەو لەم زمانانەشدا دو جۆر ڕستە هەن، ئەوانیش (الجملة الاسمية ـ ڕستەی ناوی)و (الجملة الفعلية ـ ڕستەی کرداری)، ڕستەی ناوی لە (المبتدأ + الخبر) پێکهاتوە، لەم جۆرە ڕستەیەدا کردار نییەو بەهۆی گوزارەوە (الخبر) واتای ڕستەکە ڕون دەکرێتەوە، واتە کاتیشی تێدانییە. بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت ((**الحَمْدُ لِلَّه رَبِ العَالَمِینَ**))[٢٢]. یان بۆ نمونە لەزمانی عەرەبیدا:

الطالبُ ذكيٌ

الطالبةُ ذكيةٌ

ئەم یاسا سینتاکسییە بەڕونی کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی نواندوەو لە کتێب‌و بەرهەمی نوسەرانماندا بەرچاودەکەوێت. تەنانەت لەکتێبی زمان‌و ئەدەبی کوردیی خوێندنگاکاندا هاتوە، کە هەر ڕستەیەك کردارەکەی ناتەواو بێت، ئەوا ئەو ڕستەیە بریتییە لە (نیهاد + گوزارە)، بۆ نمونە:

خوێندکارەکە وریایە

نیهاد   گوزارە

٢- **ئامرازی لێکدەری (و):**

ئەم مۆرفیمە دو فرێز یان دو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکەوە گرێدەدات، واتە ئەرکی لێکدانی دو فرێزی ناو دروستە هاوپێوەندەکە یان دو ڕستەی سادەی ناو ڕستە لێکدراوەکە یان زیاتر دەبینێت.

ئەم ئامرازە لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو زمانی عەرەبیدا لەفۆرمی (وَ)دا دەردەکەوێت، بۆ نمونە خودای گەورە دەفەرموێت ((**وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ وَطُورِ سِينِينَ وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ**))[٢٣]. فۆرمەکە لەفۆنیمی /و/ و /الفتحە/ پێکهاتووەو لەسەرەتای دووەم فرێز یان دووەم ڕستەوە دەردەکەوێت.

ئەم دیاردەیەش کاریگەریی لەسەر نوسەرو ڕوناکبیرانی کورد هەبووە، بەوەی ئامرازی (وە)یان لەنوسینەکانیاندا بەکارهێناوەو لەسەرەتای دووەم فرێز یان دووەم ڕستەوە دایانناوە. زمانی کوردی خاوەنی تایبەتمەندیی سینتاکسی خۆیەتی، وەك ئامرازی (و)، نەك (وە)ە، کە لەئاخاوتن‌و نوسیندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها لەکۆتایی فرێزی دووەم یان ڕستەی دووەمەوە دەردەکەوێت، بۆ نمونە: ئازادو بەهار هاتن

ئازاد یاری دەکات‌و بەهاریش چو بۆ قوتابخانە

٣- **فرێزی ناوی:**

یەکێکی تر لەو کاریگەرییانەو بەتایبەتی لەکاتی وەرگێڕانی دەقە ئاینی‌و عەرەبییەکاندا بەرچاودەکەوێت، ئەویش سەرەوژێربونی کەرەستەکانی دروستەی فرێزی ناوی فراوانکراوە، بۆ نمونە:

الحرب العالمية الاولى : جەنگی جیهانیی یەکەم

مطار اربيل الدولي : فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی

مكتب بهار للسفر والسياحة : نوسینگەی بەهار بۆ گەشتوگوزار

ئەم دەربڕینانە لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا دروستن‌و لێیان تێدەگەین، بەڵام ئەمانە وەرگێڕانێکی فەرهەنگی‌و سینتاکسیی زمانی عەرەبییە بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە لە یاسای ڕێزمانیی فراوانکردنی دروستەی فرێزدا هەمیشە ناوە دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە، ئەو کاتە ئەم دەربڕینانە لەزمانەکەماندا دروستن‌و کەرەستەکانیش بەپێی یاسای سینتاکسی زمانەکەمان ڕیزکراون، بەم شێوەیە:

جەنگی یەکەمی جیهانی

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر

نوسینگەی گەشتوگوزاری بەهار

ج- واتاسازی:

سەرەڕای ئەوەی زاراوە ئاینییەکان هاتونەتە نێو زمانەکەمانەوەو بەکاردەهێنرێن، چەند لایەنێکی واتایی دروستدەکەن، وەك: پەیوەندییە واتاییەکان (هاوبێژی، هاوواتایی،...)، کێڵگەی واتایی، ....تاد.

١- **هاوبێژی**: دو وشە یان زیاتری واتا جیاوازە، کە یەك فۆرم وەردەگرن[٢٤]. وەك وشەی (کُفر) لەقورئانی پیرۆزدا بەواتای (نقيض الإيمان، أي عدم التصديق بأيات الله وأحكامهُ)[٢٥]. واتە بێ بڕوایی، باوەڕ نەبون بەئایەتەکانی خواو فەرمایشتەکانی. بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت ((**لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡ وَلَئِن كَفَرۡتُمۡ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٞ**))[٢٦]. بەڵام وشەی (کفر) لەزمانی کوردیدا چەندین واتای جیاوازی هەیەو دەبێتە هاوبێژ، وەك:

کفر١ : دارێکی دەوەنە زۆرتر لەدەم چەمان دەڕوێ

کفر٢ : ڕەنگی ڕەش

کفر٣ : بێ ئاین/بێ بڕوا[٢٧].

هەروەها وشەی (خال) لەقورئانی پیرۆزدا تەنها بەواتای (برای دایك) هاتوە، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرمویت ((**حُرِمَت عَلَيكُم أُمَّهَاتُكُم وَبَنَاتُكُم وَأَخَوَاتُكُم وَعمَاتُكُم وَخَالَتُكُم**))[٢٨]. بەلام وشەی (خاڵ) لەزمانی کوردیدا دو واتای جیاوازی هەیەو دەبێتە هاوبێژ، وەك:

خاڵ١ : برای دایك

خاڵ٢ : خاڵی سەر لەش/نوقتە

ئەم دو وشەیە هاوبێژن، چونکە لەڕەگەزدا جیاوازن، واتە نە لەدورەوەو نە لەنزیکەوە پەیوەندیی واتا لەنێوانیاندا نییەو لەڕوی ئیتیمۆلۆجییەوە هەست بەپەیوەندیی نێوانیان ناکرێت[٢٩].

بەپێچەوانەیشەوە وشەی (هودا) لەزمانی کوردیدا بەواتای (هیدایەت) دێت و وەك ناوێکی تایبەتی بەکاردێت، بەلام لەقورئانی پیرۆزدا ژمارەیەکی زۆر واتای جیاوازی هەیەو هاوبێژن، کە ئەمانەن[٣٠]:

١- البيان، خوای گەورە دەفەرمویت ((**أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى من رَّبِهم**)).

٢- دين الاسلام، خوای گەورە دەفەرمویت ((**إِنَّكَ لَعَلَى هُدًى مُّستَقِيمٍ**)).

٣- الإيمان، خوای گەورە دەفەرمویت ((**وَيَزِيدُ اللهُ الَّذِينَ اهتَدَواْ هُدًى**)).

٤- داعياً، خوای گەورە دەفەرمویت ((**وإِنَّكَ لَتَهدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّستَقِيمٍ**)).

٥- معرفة، خوای گەورە دەفەرمویت ((**وَعَلَمَتٍ وَبِالنَّجم هُم يَهتَدُونَ**)).

٦- كتباً ورسلاً، خوای گەورە دەفەرمویت ((**فَإِمَّا يَأتِيَنَّكُم مِنِى هُدًى**)).

٧- الرشاد، خوای گەورە دەفەرمویت ((**عَسَى رَبِى أَنَ يَهدِيَنِى سَوَاءَ السَّبِيلِ**)).

٨- أمر محمد (ص)، خوای گەورە دەفەرمویت ((**إِنَّ الَّذِينَ يَكتُمُونَ مَا أَنزَلنَا مِنَ البَيِّنَتِ وَالهُدَى**)).

٩- القرأن، خوای گەورە دەفەرمویت ((**وَلَقَد جَاءَهُم مِن رَّبِهِمُ الهُدَى**)).

١٠- التوراة، خوای گەورە دەفەرمویت ((**وَلَقَد أَتَينَا مُوسَى الهُدَى**)).

١١- الاسترجاع، خوای گەورە دەفەرمویت ((**أُوْلَئِكَ عَلَيهِم صَلَوَاتٌ مِن رَّبِهِم وَرَحمَةٌ وَأُوْلَئِكَ هُمُ المُهتَدُونَ**)).

١٢- لايهدي إلى الحجة ولايهدي من الضلالة إلى دينه، خوای گەورە دەفەرمویت ((**وَاللهُ لايَهدِي القَومُ الظَّالِمِينَ**)).

١٣- التوحيد، خوای گەورە دەفەرمویت ((**هُوَ الَّذِي أَرسَلَ رَسُولَهُ بِالهُدَى**)).

١٤- سُنة، خوای گەورە دەفەرمویت ((**أُوْلَئِكَ الذِينَ هَدَى اللهُ**)).

١٥- لا يصلح، خوای گەورە دەفەرمویت ((**وأَنَ اللهُ لايَهدِي كَيدُ الخَائِنِينَ**)).

١٦- الهام، خوای گەورە دەفەرمویت ((**أَلَّذِي أَعطَى كُلَّ شَيءٍ خَلقَهُ ثُمَّ هَدَى**)).

١٧- تبنا، خوای گەورە دەفەرمویت ((**إِنَّا هُدنَا إِلَيكَ**)).

٢- هاوواتایی: ئەو وشانەن کە لەواتادا یەکن و دەتوانن لەشوێنی یەکتر لەهەر دەوروبەرێکدا بێن، ئالوگۆڕبکرێن[٣١]. زمانی کوردی بەدرێژایی مێژو ژمارەیەکی زۆری لەوشەکانی زمانی دەوروبەری خۆی بەگشتی وەرگرتوەو بەکاریهێناوە، بەتایبەتی بەبلاوبونەوەی ئاینی ئیسلام لەکوردستان و بەکارهێنانی چەمك و زاراوە ئاینییەکان و کاریگەریی لەخوێندن و سروتە ئاینییەکان و بۆنە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەلگای کوردەواریدا، بەمەش ژمارەیەکی زۆری وشە ئاینییەکان هاتونەتە نێو زمانەکەمانەوە، بەشێکیان هەمان مەبەست و واتای وشە خۆمالییەکان دەگەیەنن و بونە بەهاوواتای یەکتر. بۆیە خواستنی وشەی بێگانە لەگەڵ وشەی ڕەسەنی زمانەکەدا هۆیەکە لەهۆیەکانی دروستبونی هاوواتایی، ئەگەر چی ئەو وشانە لەدەرەوەی زمانەکەوە هاتون، بەلام لەئەنجامی بەکارهێنانیان دەبنە بەشێك لەواقیعی زمانەکە[٣٢]. بۆ نمونە:

هەژار = فەقیر

زەوی = عەرز/ئەرز

مرۆڤ = ئینسان

بێباوك = یەتیم

دادوەر = حاكم

بێباوەڕ = كافر

بڕوا = ئیمان

ستەمكار = زاڵم

خێرو خۆشی = بەرەكەت

باڵاپۆش = حیجاب

دواڕۆژ = ئاخیرەت

جەور = زوڵم

سەردان = زیارەت

ئەشكەنجە = عەزاب

فریشتە = ملائیكە ....تاد.

٣- **كێڵگەی واتایی:** بریتییە لەكۆمەڵێك وشە/دەربڕاو كە لەواتایەكی گشتیدا هاوبەشن‌و لەژێر وشەیەكدا دابەشدەبەن، كە ئەو واتا گشتییە دەنوێنێت[٣٣]. زاراوە ئاینییەكان كە تایبەتن بەئاینی ئیسلام‌و بەهۆی كاریگەریی قورئانەوە هاتونەتە نێو زمانەكەمانەوە، بوارێكی یان كێڵگەیەكی واتاییان دروستكردوە بەناوی كێڵگەی (زاراوە ئاینییەكان یان زاراوەكانی قورئان)، كە ئەمانەن: [ئەجر، مەلیك، مەلائیكە، جەنەت، شەیتان، جن، جیهاد، جەهەنم، حەج، زەكات، حەشر، حەق، دنیا، دین، ڕەحم، ڕەحمەت، سحر، ئیسلام، رەمەزان، تسبیح، سورەت، شەرع، عەمرە، غەیب، فەلاح، قەسەم، قیامەت، قەڵەم، كفر، كافر، كەفارەت، نەعمەت، تەقوا، سونەت، غەیبەت، غەیب، سیفەت، وەعد، ئینسان، كتاب، عەرش، نیكاح، فەتوا، فەرز، عەقیدە، زاڵم، قەرز، عەسر، زیكر، عەزاب، بەرەكەت، ...تاد].

تەوەری چوارەم/ هۆكارەكانی كاریگەریی ئاینی ئیسلام لەسەر زمانی كوردی:

ئاینی ئیسلام لەسەرەتای بڵاوبونەوەیەوە، كاریگەرییەكی گەورەی كردوەتە سەر زمانی كوردی‌و لەوشەو دەستەواژە كوردییەكاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوە:

١- نەتەوەی كورد بەدرێژایی مێژو خاوەنی دەوڵەتێكی یەكگرتوی سەربەخۆ نەبووە، هەمیشە نیشتمانەكەی داگیركراوەو لەژێر باری چەوساندنەوەدا ناڵاندویەتی، زمان‌و ئاینەكەیشی لێ قەدەغەكراوە.

٢- ڕۆشنبیران‌و شاعیران‌و نوسەرانی كورد لەكۆندا ڕۆشنبیرییەكی ئاینییان هەبووە، چونكە لەو سەردەمەدا خوێندنیان لەحوجرەی مزگەوتەكاندا بووەو بەزمانی عەرەبی بابەتە ئاینییەكانی ئیسلامیان خوێندوەو بونەتە مەلاو فەقێ، بەمەش وشەو دەستەواژە ئاینییەكانیان لەوتارخوێندنەوەو ئاخاوتندا هێناوەتە نێو زمانی كوردییەوە. بۆیە هەر لەڕێگای ئەو كاریگەرییەی قورئانەوە، چەندین زانای كوردی وەك (عەلی تەرەماخی، مەلا مەحمودی بایەزیدی، شێخ حوسێنی قازی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، ...تاد) بەزمانی كوردی بەرهەمی ڕۆشنبیریی خۆیان بڵاوكردوەتەوە، ئەو نوسینانەش دەبنە سەرەتای نوسینی دەقی كوردی، بەواتای كاریگەریی قورئان وای لەزانایانی كورد كردوە، گرنگی بەزمانەكانی خۆیان بدەن[٣٤].

تەوەری پێنجەم/ ئاینی ئیسلام و بۆنە کۆمەڵاتییەکان:

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لەناو کۆمەڵدا بەکاردێت، لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵ پشت بەزمان دەبەستێت بۆ تێگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە چەندین بۆنەو شێوازی جیاواز کۆیان دەکاتەوە، وەك: بۆنەی خێزانی و فەرمی و ئاینی و بازرگانی و رامیاری و...تاد، لەم بۆنانەدا زمان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی دەبینێت و دەربڕین و بەکارهێنانی جیاواز بەکاردەهێنێت و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەوە، تەنانەت بۆنە ئاینییەکانیش لەناو کۆمەڵدا بەجێدەهێنرێن و پەیوەندییەکی توندیان بەکۆمەڵەوە هەبووە، بۆیە زاراوەو دەربڕینە ئاینییەکان تێکەڵ بەبۆنە کۆمەڵایەتییەکان بونە، بەمەش بونەتە بۆنەی کۆمەڵایەتیی ئاینی. لەبۆنەکاندا زمان ڕۆڵی سەرەکی لەدروستکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خوادا دەبینێت، وەك بانگدان و وتارو مارەکردن و جیابونەوەو مردن و ناشتن و سوێنددان و پرسیارو وەڵام و خەڵوەت و زیکری سۆفی و دەروێشاندا[٣٥]. کەواتە کۆمەڵ بەهۆی زمانەوە پارێزگاری لەئاین دەکات و ئاینیش لەهەمو بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت و لەهەر بۆنەیەك دەربڕینی جیاوازو ئاوازی جیاوازی دەوێت بەپێی کاریگەرییەکەی بەئاینی ئیسلام، بۆیە ئەم بەکارهێنانانە بونەتە شێوازێکی کۆمەڵایەتی، لەوانە:

١- پێشوازیکردن: یاخوا بەخێربێی، خوا موەفەقت کا، بێڕەحم بوی، ...تاد.

٢- خواحافیزی: خواتان لەگەڵ، خوا بتانپارێزێ، لەپەنای خوایا بن، خوا ئاگادارتان بێ، لەپەنای خوایا بن،...تاد.

٣- جەژنە پیرۆزە: خوا موبارەکی کا، پیرۆز بێ، گەردنمان ئازاکەن، یاخوا هەمو جەژنێ بەخۆشی بێ، ...تاد.

٤- لەدایکبون: خوا لێتان نەسێنێ، خوا بۆتان ساڵح کا، سەر بەرزق بێ، یاخوا بەنازی دایکوباوکی گەورە بێ، ...تاد.

٥- هاوسەری: خوا لێکتان نەکا، یاخوا پیرۆزتان بێ، خوا بۆ یەکتان بهێڵێ، خوا موبارەکی کا، ...تاد.

٦- پرسە: خوا لەگوناحی خۆشبێ، خوا عافوی کا، خوا لێی خۆشبێ، خوا جەزاتان باتەوە، خوا سەبوریتان باتەوە، ...تاد.

٧- دوعاکردن: خوا ساڵحی کا، خوا ئیماندارت کا، خوا رزقتان با، خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ، خوا سەرفرازت کا، ...تاد.

٨- چاکوچۆنی: سەلاموعەلەیکم، مەرحەبا، عەلەیکە سەلام، خوا عفوتکا، خوا سەلامەتت کا، خوا ئیماندارت کا، ...تاد.

٩- نەخۆش: ئینشائەڵڵا کەفارەتی گوناحەکانت بێ، ئینشائەڵڵا چاك دەبی، خوا شیفات بۆ بنێرێ، خوا ڕەحمی پێبکا، ...تاد.

١٠- سوێندخواردن: بەفەخری عالەم، بەسی جزمەی قورئان، بەخوا، بەپێغەمبەر، بەو ماڵەی سەرم پیاکردوە، بەغەوزی گەیلانی، بەقورئان، ...تاد.

١١- خێرکردن: خوا بەزیادی کا، خوا قبولی کا، خوا خێرو پاداشتان بۆ بنوسێ، خوا بکا بەچرای قیامەتان، ...تاد.

١٢- نزاکردن: خوایە رزقمان بە، خوایە لەگوناحمان خۆش بە، خوایە قەڵەمی عەفو بهێنیت بەسەر تاوانەکانماندا، ...تاد.

ئەنجامەکان:

١. زمانو ئاین لەناو کۆمەڵەوە سەرچاوەدەگرن، پەیوەندییو کاریگەریی نێوانیان پەیوەستە بەکۆمەڵەوە، بۆیە کۆمەڵ دەتوانێت بەهۆی زمانەوە گوزارشت لەپابەندبونی خۆی بەئاینێکی دیاریکراوەوە بکاتو تاکەکانی لەژێر بیروباوەڕی ئەو ئاینەدا کۆبکاتەوەو پارێزگاریی لەئاینەکەی بکات.

٢. هەرچەندە فۆنیمە نەبزوێنەکانی /ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ/و فۆنیمە بزوێنەکانی /الضمة، الفتحة، الکسرة/ لەژمارەیەکی زۆری وشە ئاینییەکاندا دەبینرێن، کە لەڕێگەی ئاینی ئیسلامەوە هاتونەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، بەڵام زانایانو زمانەوانانی کورد دانەماونو توانیویانە ئەم وشانە بخەنە ژێر باری یاسای فۆنەتیکی زمانەکەمانەوەو بەرامبەریان هێمایان داناوەو لەزمانی ئاخاوتنو نوسیندا خۆماڵییانە بەکاریان هیناوە.

٣. زمانی کوردیش وەك سەرجەم زمانەکانی تری جیهان لەخواستنی وشە بیانییەکاندا بێبەش نەبووە، بەگشتی ئەو وشانەی کە لەزمانەکانی دەوروبەرەوە وەك عەرەبو فارسو تورکو.... بەتایبەتی وشە ئاینییەکانی قورئانی پیرۆز، کە هاتونەتە نێو فەرهەنگی زمانەکەو زمانی کوردییان لەبواری ئاینیدا دەوڵەمەندکردوە، ئەویش زیاتر بەمەبەستی تێگەیشتن لەقورئانی پیرۆزو بەکارهێنانیان لەسروتو وێردو بۆنە ئاینیو کۆمەڵایەتییەکاندا.

٤. بەمەبەستی بەرزو پیرۆزڕاگرتنی ناوە ئاینییەکان، کۆمەڵگای کوردەواری بەردەوام لەکۆنەوەو تائێستاش ئەو ناوە ئاینیانەی لەپرۆسەی ناوناندا بەکارهێناوە.

٥. زمانی کوردی سودی لەوشە ئاینییە خوازراوەکان وەرگرتوە بەمەبەستی داڕشتنو ڕۆنانی وشەی نوێ لەوشەسازیدا.

٦. هەروەها قورئانی پیرۆزو زمانی عەرەبی کاریگەریی لەسەر ئاستی سینتاکسی زمانی کوردی هەبووە، وەك لەدروستەی ڕستەی ناویو فرێزی ناویو فۆرمو بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەری (و)دا دەبینرێت.

٧. وشە ئاینییەکان بەبەراورد لەنێوان قورئانی پیرۆزو زمانی کوردیدا، چەندین دیاردەی واتایی دروستدەکەن، وەك دیاردەی هاوبێژیو هاوواتایی، هەروەها ئەم وشانە کێڵگەیەکی واتاییان لەزمانی کوردیدا بەناوی (کێڵگەی زاراوە ئاینییەکان یان زاراوەکانی قورئان) دروستکردوە.

٨. زاراوەو دەربڕینە ئاینییەکان تێکەڵ بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بونە، بەمەش ڕۆڵو کاریگەریی خۆیان لەهەر بۆنەیەکدا دەگێڕنو بونەتە بۆنەی کۆمەڵایەتیی ئاینی.

پەراوێزەکان:

١. هادي نهر (١٩٨٨: ١٧).

٢. أ.د. رشيد عبدالرحمن العبيدي (٢٠٠٢: ٣١).

٣. شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لەسەرچاوەو زانستە جیاوازەکان باسیان لەچەمكو پێناسەی زمان کردوە، چونکە زمان پەیوەندیی بەهەمو زانستەکانەوە هەیەو دیاردەکە لەزۆر ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە سەیری دەکرێتو هەر شارەزایەك لەچوارچێوەی بۆچونو میتۆدی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، بێگومان پێناسەی زانایانی کۆمەڵناسو دەرونناسو زمانەوانو فەیلەسوفو زانستی پزیشکیو .... ناشێت وەك یەك بن.

٤. عەلی باپیر (٢٠٠٠: ١٧٦).

٥. مجدالدين محمد بن يعقوب الفيروز أبادى (٢٠٠٣: ٢٢٧).

٦. أبي القاسم الحسين بن محمد (٢٠٠٨: ١٨٢).

٧. لويس معلوف (١٩٩٨: ٢٣١).

٨. مصطلح الدين، وما هو التعريف الدين.

٩. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠: ٢٢٥).

١٠. سەرچاوەی پێشو (٢٤٠).

١١. القرأن ألكريم، سورة طه، الاية (١١٣).

١٢. کریستوف لوکسنبرگ (٢٠٠٠: ٨-٩).

١٣. سەلام ناوخۆش‌و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠: ٢٦٧).
١٤. سەنگەر عەلی مامە (٢٠٠٧: ٤٨-٤٩).
١٥. پەروین عوسمان مستەفا (٢٠٠٩: ٣٤).
١٦. سەلام ناوخۆش‌و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠: ٢٥٧).
١٧. سەرچاوەی پێشو (٢٥٧).
١٨. دیوانی نالی (١٩٧٦: ٢٣-٢٥).
١٩. دیوانی مەحوی (١٣٨٤: ٣٦٧-٣٧٠)
٢٠. القرأن ألكريم، سورة البقرة، أية (١٧٢).
٢١. القرأن ألكريم، سورة النحل، أية (٤٥).
٢٢. محيي الدين الدوريش (١٩٨٠: ١٤).
٢٣. القرأن ألكريم، سورة التين، أية (١-٣).
٢٤. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ١٧٠).
٢٥. د.ابراهيم السامرائي (١٩٩٠: ٢٩).
٢٦. القرأن ألكريم، سورة ابراهيم، أية (٧).
٢٧. بڕوانە: ١- فەتاح مامە عەلی (١٩٨٩: ٣٣). ٢- عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان (٢٠٠٥: ٤٠).
٢٨. القرأن ألكريم، سورة النساء، أية (٢٣).
٢٩. فەتاح مامە عەلی (١٩٨٩: ٢٠).
٣٠. د.ابراهيم السامرائى (١٩٩٠: ٤٢-٤٤).
٣١. ستيفن اولمان (١٩٨٦: ١٢٤).
٣٢. د. طالب حسێن على (٢٠٠٢: ٨٤).
٣٣. لە [فەرهاد تۆفیق حەسەن (٢٠١٢: ٢٧)] وەرگیراوە.
٣٤. سەلام ناوخۆش‌و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠: ٢٥٤).
٣٥. هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦: ١٧).

سەرچاوەکان

١. د. ئومێد بەرزان برزو (٢٠١١)، زمانەوانی، بەرگی یەگەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
٢. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف (٢٠٠٩)، واتاو وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر.
٣. دیوانی مەحوی (١٣٨٤ هەتاوی)، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و محەمەد مەلا کەریم، چاپی دووەم، بلاّوکەرەوەی کوردستان، سنە.
٤. دیوانی نالی (١٩٧٦)، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و فاتح عبدالکریم، چاپی سێهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٥. ڕۆژان نوری عەبدوڵلاّ (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان‌و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی.
٦. سەلام ناوخۆش‌و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی (٤، ٥، ٦، ٧)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەنارە، هەولێر.
٧. د. طالب حسێن على (٢٠٠٢)، دیاردەی هاوواتایی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەدین، ژ (١٦).
٨. عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان (٢٠٠٥)، هایپۆنیم‌و هەندێ پێوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین.
٩. عەلی باپیر (٢٠٠٠)، خواناسیی..ئایین..ئیمان، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ‌و بلاّوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٠. فەتاح مامە عەلی (١٩٨٩)، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

١١. فەرهاد تۆفیق حەسەن (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکانو هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

١٢. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی دار حکمەت، هەولێر.

١٣. هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦)، شێوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە.

١٤. القرأن ألكريم.

١٥. أ.د. رشيد عبدالرحمن العبيدي (٢٠٠٢)، مباحث في علم اللغة واللسانيات، الطعبة الاولى، بغداد - العراق.

١٦. أبي القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب ألاصفهاني (٢٠٠٨)، المفردات في غريب القران، دار احياء التراث العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، بيروت ـ لبنان.

١٧. د. أبراهيم السامرائي (١٩٩٠)، في المصطلح الاسلامي، الطبعة الاولى، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان.

١٨. سەنگەر على مامه (٢٠٠٧)، أصواتُ اللُغتين: العربيَّة والكرديَّة (دراسة تقابلية)، رسالة الماجستير، كلية التربية ـ جامعة بغداد.

١٩. ستيفن اولمان (١٩٨٦)، دور الكلمة في اللغة، ترجمة/ كمال محمد بشر، مكتبة الشباب.

٢٠. كريستوف لوكسنبرك (٢٠٠٠)، معاني ألقرأن على الضوء علم أللسان، ت/ رالف غضبان، دار الكتاب العربي، برلين.

٢١. لويس معلوف (١٩٩٨)، المُنجد في اللغة، الخامسة واالثلاثون، دار المشرق، بيروت ـ لبنان.

٢٢. مجدالدين محمد بن يعقوب الفيروز أبادي (٢٠٠٣)، القَامُوس المحِيط، اعدادو تقديم: محمد عبدالرحمن المرعشلي، دار احياء التراث العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت ـ لبنان.

٢٣. محيي الدين الدروش (١٩٨٠)، إعراب القُرآن الكَريم وَبَيانه، مجلّد الأول، حمص - سوريه.

٢٤. مصطلح الدين، وما هو التعريف الدين، ويكبيديا.

٢٥. هادي نهر (١٩٨٨)، علم اللغة الاجتماعي عند العرب، بيروت - لبنان.

الخلاصة

هذه البحث موسومة بـ (تأثير الدين الاسلام على اللغة الكردية) وفيه تطرقت العلاقة القائمة بين اللغة والدين، وتأثير دين الاسلام على مستويات اللغة والتعبير في المراسيم الاجتماعية. ويتألف البحث من خمسة محاور رئيسية:

المحور الأول والثاني تحدثت فيهما عن مفهوم وتعريف اللغة والدين وعلاقة بعضهما ببعض. وفي المحور الثالث والرابع والخامس تكلمت عن تأثير الدين الاسلامي على مستويات اللغة الكردية وعوامل والتعبير في المراسيم الاجتماعية.

وفي الخاتمة عرضنا أهم نتائج البحث، وبعدها جاءت قائمة المصادر والمراجع.

Abstract

This paper which is entitled "***The effect of Islam of the Kurdish Language***" where the relationship and inter-influence between language and religion is explained. It also tackles the impact of Islam upon the different levels of the language and expressions in the social affairs. It is divided in to five sections:

The first two sections deal with the concept and definition of language and religion and the relationship between them. While the last three sections study the influence of Islam upon the different levels of the Kurdish language, its reasons and its expressions in the social affairs.

Finally, the study ends with number of conclusions with a list of references.